رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21-6-2007 16:53

## له كوشتن و سوكایەتی پێكردنی ئافرەتی كورد كێ بەرپرسیارە؟! ... سەهین نوعمان موفتی

Sahen_darush@yahoo. com

لە زۆربەی وڵاتان ئافرەت كوشتن بەرچاو دەكەوێت و دەبیسترێت، كە هەندێكیان هۆیەكەی بۆ كێشە ئابوورییەكان دەگەڕێننەوەو، هەندێكیش بۆ هۆی كۆمەڵایەتی وئاین.



لە كۆمەڵگە مەدەنییەكان بە هۆی هەندێ كێشەی ئابووری و كۆمەڵایەتی، ئافرەتان ڕوو لە كاری لەشفرۆشی دەكەن، ئەمەش وایان لێدەكات كەوا ببنە نێچیرێكی سانا بۆ ئەو نێرانەی (پیاو) كە لە ڕووی دەروونیەوە بۆشاییی ئەوتۆیانەهەیەو نەخۆشن، كە زۆرجار پاش دەستدرێژیكردنێكی توند، ئەنجامەكەی كوشتنی ئەو ئافرەتانەی لێدەكەوێتەوە.

لە سەردەمی ئێستادا، بەتایبەتی لە هەندێ كۆمەڵگا مەزهەبییەكان (ئیسلام) وەك نموونە یاخود ئەو مەزهەبانەی دیكەی كە شوێن نیشتەجێ بوونیان نزیكە لێی، دیاردەی ژن كوشتن و سوكایەتی پێكردن بە بیانووی پاراستنی نامووس، بۆتە كێشەیەكی بەرچاو. تاوان و دیاردەی ژن كوشتن لەم كۆمەڵگایانە دوا بەدوای ئەو پەروەردە چەوتەی كە لە ڕێگای ئایینەوە بە شێوەیەكی نادرووست بۆمان شی كراوەتەوە، ئەنجام دەدرێت كە زۆر جار شەرعییەت و هەماهەنگێكی كۆمەڵایەتیشی بەدواوە دەبێت.

سەرچاوەی ئەم شەرعیەتەش لە ڕاستیدا ناگەڕێتەوە بۆ ئایین، بەڵكو لە بناغەداو سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كلتوورە پێخواسەی زەمانی زوو هەبوون و بە هەموو شێوەیەك و لە هەموو ڕوویەكەوە دواكەوتوبون و ئەوەندە جاهیل بوون تەنانەت یەزدانی مەزن لەبەر ئەم هۆیە (قورئانی) بە زمانی ئەوان نارد و بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێوە لە قۆناغ و شێوازەكانی ژیان حاڵی بن، كەچی بە پێچەوانەوە!!

هەر بۆیەش ئایینی ئیسلام بە هەموو ئەو زەبروو هێزەیشییەوە نەیتوانی خۆی لێ پاك بكاتەوە، ئەگەر بێتوو لە نزیكەوە چاوێك بەسەر ڕابردووی زۆرینەی زۆری وڵاتانی ئیسلامی ئەمڕۆی جیهان بكەین، جیا لە مێژووی نەتەوەی عەرەبی، ئەو ڕاستییە دەردەخات كە ئەم نەتەوانە و میللەتانە دیاردەی ژن كوشتنیان بەم ناونیشانەی ئەمڕۆ تیا نەبووە، بەڵكو پاش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام و بە ئیسلامی بوونیان دیاردەكە بووە بە عادەت و دەستی پێكردووە! كە خەریكە ئەمڕۆ دەبێتە بەشێك لە كەلتوورو بنەماو فرەهەنگی ئەم نەتەوانە.

لە كۆمەڵگەی ئێمەدا هەروەك كۆمەڵگە دواكەوتووەكانی دیكەی جیهانی مەزهەبی، ئافرەتان هیچ پایەو نرخێكی ئەوتۆ بۆ ماف و مرۆڤایەتی بوونی دانانرێت ئەگەر داشبنرێت ئەوە بەس تەنها ڕێكلامێكە بەسەر شاشەكانی (TV) و ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەكاندا، وە هەروەها ژن كوشتنیش بە ناونیشانی جیا جیاوە خەریكە دەبێتە دیاردەیەكی ترسناك لە كۆمەڵگادا، ئەم دیاردەیەش ئەوەتا بەرچاوەو ئێستا بە بەشێكی پەروەردەو بنەمای كۆمەڵگەكەمان ناودەبرێت لەلای زۆر لە وڵاتان.

ئەم شێوازە وای لە هەندێ خەڵكانی بیانی كردوە كە بەچاوێكی پڕ گومان و ترسەوە سەیری ئێمەی كورد بكەن، بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا كە ڕەوەندێك و پەنابەرێكی یەكجار زۆری كوردی لێ نیشتەجێیە، بە داخەوە ئەم دیاردە ترسناكە لەلایەن پێوانی ئێمەوە نەك تەنها لە كوردستان ئەنجام دەدەرێت، بەڵكو لە زۆربەی ئەو وڵاتانەش ڕوودەدات كە مەردوومی كوردی لێیە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21-6-2007 16:53

نێرینەی کورد بە هۆی ئە کاریگەرییە پەروەردەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتییە هەڵەیەی کە یەکجار کێشمە کێش و نەخۆشی دەروونی زۆری بۆ درووست بووە کە لەکاتی هەڵچوون و هاتنە پێشەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێت، زۆرجار لە کاتی قسەکردندا لەگەڵ نێرینەکانمان هەڵوێستێکی نوێ وو مرۆڤ پەرستانەی تێدا دەرکەوێت، بەڵام کاتێك بابەتەکە دەگاتە کاتی شی کردنەوە ئەو کاتە حەقیقەتی ئەو نەخۆشییە دەروونیانەت بۆ بە دیار دەکەوێت، زۆربەی زۆریان لە کاتی دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانیان سیمایەکی نوێخوازو واقیعی ئەمرۆی جیهانی پێشکەوتوو بە دیار دەخەن لەگەڵ دەوروبەر، کەچی لەکاتی کێشەکاندا، کە لە نێویدا ئافرەت بەشداری بێت، هیچ سنوورێك نامێنێ لەسەر نەخۆشییە شاراوەکانی ناخیان و هیچێك لە بەها مرۆڤایەتییەکان لە بەرچاوی نامێنێ و غەرق ئەبێ.
مەسەلەی ئاین و بۆچوونی نێر سالاری وە چۆنییەتی مامەڵە کردنی دەسەڵات و حکومەت لەگەڵ کێشەکە، بەشێکی دیکەی ئەو هۆکارانەن کە ڕێگاو زەمینە خۆشکەرن بۆ تاوانەکانی ژن کوشتن کەدەبێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە!
دەسەڵات بە تایبەتیت دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی.... هتد... کە دەتوانن گەورەترین ڕۆڵ ببینن لە لەناو بردن و بنەبڕکردنی ئەم شێوازە دڕندانەیەو نامرۆڤانەیە، دەتوانێت لە ڕێگای یاسا گونجاوەکانەوەو کە تیایدا ڕاشکاوانە ئەو سزا توندانەی تیا دیاریدەکرێت، عەقڵییەتی ئەم شێوازە نامرۆڤایەتییە بگۆرێت، بۆ نموونە: کوشتنی ئافرەت بە هەر بیانوویەك بێت دەبێت گرنگییەکی یەکجار زۆری پێبدرێت وەکارو پرۆگرامێکی زۆری بۆ تەرخان بکرێت بۆ دۆزینەوەی هۆکاری یەکەم و تاوانباری سەرچاوە!!!
ئەمەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسیارییەتی دەسەڵات و نەبوونی ئاستی ڕۆشنبیری بەرز لەلایەن زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا لەم حاڵەتانەدا، بەڵام ئەمجارەیان زانایانی ئایینش بەرپرسن لە م جۆرە کردارە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چونکە زۆربەی زۆریان بە ناوی ئایین و شەرعەوە ڕێکلامی زۆر نابەجێ و نا درووست و فەتوای نەشیاو و نەگونجاو لەگەڵ واقعی ئەمرۆی ژیاندا دەردەکەن دژ بە مافەکانی مرۆڤایەتی و ژنان بەتایبەتی، ئایینی ئیسلام هیچ کاتێك ڕێگای بە نێرینە نەداوە بەم جۆرە ناشرین و ترسناکە ڕەفتار لەگەڵ مێینە و دایك و خۆشکی خۆیان بکەن، بەڵکو داوای ئەوەیان لێدەکات کە ڕێزێکی تایبەتیان لێبگرن و حسابێکی ئەوتۆیان بۆ بکەن.... !!!!
بەداخەوە زانایانی ئایینی جیا لەوەی کە هاندەرێك و پشتگیرێکی باشن بۆ پیاوانی کورد کە ئەو جۆرە تاوانانە ئەنجام بدەن، زۆر خەمساردانە و بێدەنگانەشن بەرامبەر بەم کردارانە.
ئاخر کەی زانا ئاینییەکانمان هەوڵی گۆرینی ئەم جۆرە دواکەتوویە دەدەن؟؟ کە تاوانی لەم شێوەیە بەرامبەر مێینە ئەنجام نەدرێت؟؟؟ ئەم شێوەیە بە بە گەورەترین و دڕندانەترین زوڵم و چەواشەکردن و گوناه ناوببات، ئایا بێدەنگی و شەرعییەتدان بەو تاوانانە لەلایەن ئەوان نابن بە شەریکی ئەو تاوانانەلە لای خودا!!!
ئایا بێدەنگ بوونی ئەوان بەرامبەر تاوانێك کە بەناوی ئایینەوەو بەناوی گەڕانەوەی ناموس ئەنجام دەدرێت نایانخاتە خانەی عەقڵییتی جاهیلییەتە پێش نەکەوتووەکانی ئەم سەردەمەی کە هەموو مرۆڤێك و تاك و نەتەوەیەك ئێستا پێویستی پێیەتی؟!!! تاکەی کەمتەرخەمن بەرامبەر ئەو تاوانە گەورانەی کە بەم ناونیشانە پرووپوچانە و بەناوی ئایین و شەرعەوە دژی ئافرەت و کچی کۆمەڵگەکەمانەوە دەکرێت؟!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.